www.kurdistannet.org
26-2-2006 11:17 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دیاردەی دەرمانی سڕو بێهۆشکەر ... شەیدا بڵباس

هەر لەدوا دوورگەی ئوسترالیاوەبگرە، تا دەگەیتەدوایین هەوارگەی سەرزەمینی ووشکایی کالیفۆرنیا، ڕۆژ بەدوای ڕۆژ، لەشەقامی شارەزلەکانەوەبۆ ناو کۆڵانەتەنگەبەری شارۆچکەو لادێ.. بەپانایی و خڕی زەوی؛ دەرمانی بێهۆشکەر وەک دیاردەیێکی دزێوی ئەم سەردەمە، ژیانی خەڵکانێک دەخاتەچاڵی مەرگ، کەبەرزبوونەوەو ڕزگاری لێدەرچوونی نەبێت.

لەووڵاتانی هەژارو برسی تا ووڵاتەسەرمایەدارو پێشکەوتووی تەکنەلۆژی، ئەم دیاردەناحەزەبەرچاوەو بوونی هەیە.. ڕێژەی ئالوودەو تووشبووان، لەسەرتاسەری ووڵاتاندا ئامارێکی دیاریکراوی نییە! لەئەفغانستان و پاکستان و هیند و مالیزیا و ئەندەنوسیا و ئێران و تورکیا و میسر و لوبنانی جیهانی سێیەم و ئیسلام بگرەتا دەگەیتەکەنەدا و مەکسیک و ئەمریکا و باشووری؛ وەتێکڕای ئەوروپا بەروسیاشەوە، لەبەرچاوەو نکوڵی هەڵناگرێت. ئێران بەمەترسیدارترین ووڵاتێک دەخوێندرێتەوە، کەڕێژەی موعتادی دەرمانی بێهۆشکەر خۆی لە12 ملیۆن دابێت.. هەروەها تورکیاش گەورەترین ترانزێدەبۆ پەڕاندنەوەی بەرەو ئەوروپا و جیهانی خۆرئاوا. تادێت مەترسیەکەقەبەوەدزێوتر دەبێ و ژیانی خەڵکی بەرەو کەناری لێژی بێ ئومێدی و چاوەڕێی مەرگی لەسەرخۆ دەبن و، لەلایێکی تریش بازرگانانی ئەم بوارە، هەرساتێکی دەوڵەمەندتر و سەرمارمایەدارتر دەبن.

ئایا ئەم دیاردەهۆکاری سیاسی و ئابووری لەپشتە؟! چی وا لەمرۆڤ دەکا ژیانی بخاتەمەترسێک کەدەرچوونی مەحاڵ بێت!؟ دیارەلەتەمەنی 15 - 25 ساڵی مۆڵگەی کەوتنەناو ئەم دەریا بێبنە، ئەویش بەهۆی برادەرو ژینگەی نەخۆش.. هەرچەندەنێری زیاتر گرتۆتەوە، تا مێینەی کۆمەڵ، دیارەئەوەش دەگەڕێتەوەبۆ هۆکارەئابووریەکەی.

خۆ ئەگەر مێرجەوانەوحەشیش و تریاک خۆراکی ڕۆژانەی چینی هەژاربێ و دەمی پێوەنێت، کۆکائین و مۆرفین و هێرۆئینیش بۆتەبەشی دەوڵەمەندان و لووتی لێهەڵناگرن. زۆربەی دەرمانەئارامبەشەکانی کەمادەی کۆدائینیان تێدایە، ئازارکەمکەرەوەی نەخۆشن، پزیشکان ڕێگەی نەخۆش نادەن کەلەکاتی پێویست و دیاریکراو زێتر بەکاری بهێنێت.. چونکەئەمیش جۆرێکەلەئیدمیئنان و ئەگەر لەسەری ڕابێیت و ئاکامی بەردەوامی و هۆگری دەبیت.

دیارەکە" خۆپاراستن لەچارەسەری باشترە"، ئەی ئەگەر تووش هاتی چی؟! نیشانەی گیرۆدەئەوەیەکەناتوانێت لێی دووركەوێتەوەو هەر ڕۆژەبەکاری نەهێنێت. تا زیاتریش لەسەری بەردەوام بێ و بەکاری هێنێت، ڕێژەی کاریگەری کەمتر دەبێتەوەو مەمیلەکانی ناو مێشک پێویستیان بەزیاتر دەبێت، بۆ سەر مەستی وسەرخۆشی.. ئەو کاتەی جەستەبەتایبەتی مێشک و دەروون تێکدەدات، ڕوحیەتی لەئاستیدا لاواز دەبنەوە، کەسایەتی دەڕوخێت.

گەر نەداری و بێ هیوای ژیانێکی بەختەوەی وا لەچینی هەژاری بکات کەڕووی تێبکا، دەبێ چی وا لەچینی دەوڵەمەند بکا، کەگیرۆدەی بێت! خۆ دەوڵەمەند بەڕاستەقینەلەخەونی هەژاراندا دەژیت.

کاتی بەکارهێنانی وا لەمرۆڤ دەکات، کەشا بەسەپانی خۆی نەزانێت.. ئەی کاتی دەست نەکەوتنی! والەجەستەدەکا کەهەرلەرزین و درۆ کردن یا دزی لەپێناوی، تەنانەت هەندێک

جار پیاوکوژیش. هەر بۆیەزۆربەی مافیاکانی جیهان، ئەندامەکانیان ئالودەی ئەم مادەسڕکەرانەدەکەن تا زیاتر گیرۆدەیان بن.

هەمیشەئەو کەسانەی گیرۆدەی ئەو مادەبێهۆشکەرانەدەبن، لەسەرخۆ توانای کارکردن لەدەست دەدەن و پلەو پایەو ڕێزی کۆمەڵایەتیەکان دەدۆڕێنن؛ تا بەوەی کەکۆمەڵ دوورەپەرێزیان لێبکات.. چونکەئاکامی مەترسیداری بۆ خۆی و دەوروبەری لێدەکەوێتەوە.

ئەگەر چی تا ئێستا ئەم بۆنەباشووری کوردستانی نەگرتبۆوە، لەم دیاردەنادیارەپاکبوو.. چۆن باشووری کوردستان کۆمەڵگایێکی داخراوەو کراوەنەبوو؛ کەچی ئەوا لەڕێی پلانی ئێران، بۆ لەناو بردنی لاوی کورد، ڕژێمی ئیسلامی بەهوشیاریەوەکاری لەسەر دەکات. شتێکی بەڵگەنەویستە، کەئێران هەر کاتێ ئەم مادەیەبەدەست باندی قاچاغچیان بگرێت، یەکسەر بەخۆڕایی ڕەوانەی کوردستانی دەکا بۆ ئالودەبوون و کوشتنی ڕوحی شۆڕشگێری . هەر وەک چۆن ئینگلیز لەکاتی داگیرکردنی هیند، لەم ڕێگەوەکەمادەی بێهۆشکەری بەسەر لاواندا بەخۆڕایی دەبەشیەوەو خۆڵەمێشەکەی لێدەکڕینەوە، تاتوانی پەکیان بخات و زاڵبێت بەسەریان.

ئەمڕۆ کێشەی مادەی سڕکەر کێشەیێکی گەورەزەق و بەرچاوە، کەزۆربەی وولاتانی تەنیووە.. ئەگەر چی لەڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەشێوەیێکی ڕاستەوخۆ نەخراوەتەبەر تیشکی ڕوناکی و ڕۆشنایی لێکۆینەوەبۆ چارەسەری و ڕێگری بنبڕانە؛ بەڵام زۆر لەوولاتەزلهێزەکان بەجۆری ناڕاستەوخۆ، بازرگانی نێودەوڵەتی پێوەدەکەن و بەقازانجی بەرژەوەندیەکانیانەوەگرێیانداوە.

لەوولاتانی جیهانی سێیەم، گەر خەڵکی بەهۆی نەداری بێکاری و ناهەمواری بژێو بەرەو ئەو گۆمەسەراولێژکاتەوەو خۆیانی تێدا وونبکەن، ئەی تۆبڵێی چی وا لەچینی مامناوەندی لەوولاتانی جیهانی تەکتەلۆژی و مافی مرۆڤ و دیموکراسی، کەگیرۆدەی بن!؟

سیاسەتی نێودەوڵەتان کارگێربووەلەئالودەکردنی ڕەش پێستەکان و سەرگەرمکرنی لاوانی و دوورخستنەوەیان لەبواری ڕامیاری و ڕۆشنبیری و ڕمبازی لایەنەیەکتربڕ و لاتەریبەکان. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، هاتنی بۆ ناو باشوور! دیارەئێران دەورێکی کاریگەر دەگێڕێ؛ بەڵام چەپڵەش بەدەستێک لێنادرێت! ئەگەر لایەنی کوردی بەشدارنەبێ لەم پڕۆسەیە، باوەرناکرێت کەڕژێمی بۆگەنی ئێرانی ئەوەندەدەست ڕۆیشتووبن، لەکوردستانیش!